Business
Sheffield

# دابینکەرانی وزە، گرێبەست و وەسڵی خزمەتگوزاریەکان

**ئێمە دەزانین کە وەسڵی پارەی وزە، و نیگەرانییەکان سەبارەت بەوەی کە ئایا باشترین گرێبەست بەدەست دەهێنیت یان نا، فشارێکی زۆری زیادە دەخاتە سەر بزنسەکان لە ئێستادا.**

ئەم لاپەڕەیە یارمەتیت دەدات لە سەر گواستنەوە لە پرۆسەی گۆڕینی گرێبەستی وزە واتا کارەبا و غاز؛ بزانە چی بکەیت لە کاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ بەشی فرۆشتنی وزە؛ و ئاگاداری پارەی زیادە بە کە دەتوانیت لەسەر وەسڵی پارەکەت بیدەیت.

## ئایا کاتێکی گونجاوە بۆ گۆڕینی دابینکەرەکەی وزەی خۆت؟

پێش ئەوەی هەوڵی گۆڕینی دابینکەرەکەت بدەیت، گرنگە دڵنیا بیت کە دەتوانیت کۆتایی بە گرێبەستی ئێستات بهێنیت. زۆرێك لە گرێبەستەکانی دابینکردنی بازرگانی ماوەیەکی دیاریکراویان هەیە، و کۆمپانیاکان پێویستە دڵنیابن لەوەی کە دەتوانن بچنە لای دابینکەرێکی نوێ پێش ئەوەی پابەندبن بە گۆڕانکارییەك.

پێش ئەوەی بڕیار بدەیت دابینکەرەکەت بگۆڕیت:

- لەو ڕێوشوێنانە بکۆڵەوە کە دەتوانیت بیگریتە بەر بۆ کەمکردنەوەی خواستت لەسەر دابینکردنی وزە.
- دڵنیابە لەوەی کە لە ڕێژە و مەرجەکانی گرێبەستی ئێستات تێدەگەیت، هەروەها لە کاریگەرییەکانی گواستنەوە بۆ دابینکەرێکی نوێ - و ئایا دەتوانیت هەر گرێبەستێکی هەبوو بشکێنیت واتا بیوەستێنیت.
- هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەوە بیت کە چۆن کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری و دەلاڵەکانی ساختە یان ناپاك بناسیتەوە.

## پەیوەندیکردن بە بەشی فرۆشتنی وزە و گرێبەستی ورد

**ئەگەر لە کۆمپانیایەکی وزە پەیوەندییەکی ساردت بۆ هات:**

- بە هیچ شتێك ڕازی مەبە کە ئەگەر بەشێوەی نووسراو پێت نەدرێت یان کاتت نەبوو بیری لێبکەیتەوە.
- لە هیچ کاتێکدا مەڵێ 'بەڵێ' - تەنانەت ئەوەش دەتوانرێت وەك ڕێکەوتنێك وەربگیرێت بۆ چوونە ناو گرێبەستێك، و دەتوانرێت بە شێوەیەکی یاسایی پشتڕاست بکرێتەوە. نزیکەی هیچ دابینکەرێك ماوەی پەشیمان بوونەوە دابین ناکەن کە تێیدا گرێبەستێك هەڵبوەشێتەوە.
- ناو و ناوی کارەکەت و ناونیشانی خۆت مەدە.
- تەلەفۆنەکەت دابخە و دوای ئەوە لێکۆڵینەوە بکە و بزانە کە ئەوان چی دەفرۆشن و ئایا خۆت حەزت لێیەتی. هەموو زانیاری و گرێبەستەکان بە وردی بخوێنەوە و بزانە سوودەکانی و هەر مەترسییەکی شاراوە هەیە.
- ئەگەر دڵنیا نیت ئامۆژگاری لە کەسێکەوە وەربگرە کە متمانەت پێی هەیە.

لەبیرت بێت: کەسێك کە بەڕاستی دەیەوێت یارمەتیت بدات، سەرلێ شێوانت بۆ دروست ناکات و بێزار نابێت یان فشارت لەسەر دروست ناکات. ئاگاداربە کە ساختەکاران لەوانەیە خۆیان وەك ئۆفیسی بازاڕی غاز و کارەبا OFGEM نیشان بدەن، یان وا خۆیان نیشان بدەن کە داشکاندن/بەخشینێکی حکومەت دابین دەکەن.

بشتگیری دەکرێت لەلایەن

Sheffield City Council

Sheffield Chamber of Commerce

SHEFFIELDBID

- گرێبەستەکانی ئێستا و نوێیەکانت بە وردی بخوێنەرەوە - و تێبینی بڕگەکانی کۆتایی هێنان بکە. لەوانەیە داوات لێ بکرێت کە ئاگادارییەکی زۆر درێژ لە گۆڕانکارییەك بدەیت (زۆرجار نەوەد ڕۆژ). ئەگەر ئەوە نەکەیت، لەوانەیە 'هەڵت گێرنەوە rolled over'.
- کۆمپانیاکانی وزە پێویستە ئاگادارت بکەنەوە کاتێك گرێبەستێك کاتی نوێ کردنەوەی بێت، بەڵام هەموو گرێبەستەکان ئەمە ڕوون ناکەنەوە. ئاگاداربە و ئامادەبە و پێشوەختە ئاگاداری بەرواری نوێکردنەوەکە بنووسە.
- وەسڵی پارەکەت کۆدی QR ی لەسەر دەبێت. ئەم کۆدە هەموو ئەو زانیاریانەی تێدایە کە پێویستت پێیانە بۆ بەراوردکردن و گۆڕینی پارەی وزە energy tariffs، لەوانەش ناوی دابینکەر، ناوی پارەی وزە tariff name و بەکارهێنانی ساڵانەی تۆ، ئەمەش دۆزینەوەی دابینکەرێکی باشتر ئاسانتر دەکات.

**ئەگەر یارمەتیت دەوێت لە تێگەیشتن لە وەسڵی پارەکان یان گرێبەستەکان، پەیوەندی بە بزنس شێفیلد Business Sheffield بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ businesssheffield@sheffield.gov.uk**

## پارەدانی وەسڵی پارەکەت

- ئەوە زۆر باو نیە کە دابینکەرانی وزە پارەی زیادە بۆ کڕیاران بنێرن لە هەوڵێکدا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەیەی کە بەهۆی هەڵەی ناوخۆیی سیستەمی خۆیانەوە لەدەستچوون. ئەم هەڵانە بەبێ ئاگایی دەمێننەوە چونکە کڕیاران بە دەگمەن پارەی کارەبایان دەخوێننەوە. ئەگەر لە وەسڵی پارەکەت تێنەگەیت، پەیوەندی بە خزمەتگوزاری کڕیاران Customer Service بکە لە دابینکەرەکە.
- بە بەردەوامی خوێندنەوەی پێوەرەکانی خۆت بپشکنە، تەنانەت ئەگەر پێوەرێکی زیرەکت هەبێت (ئەوان لەوانەیە هەڵە بکەن).

بزانە کە وەسڵی پارەت بۆ کراوە بۆ پێوەرێکی گونجاو

- ئایا هەموو پێوەرەکانی ناو شوێنەکەت پێوەرەکانی ئێوەن؟ لەوانەیە تۆ پارەی وزەی کەسێکی تر بدەیت ئەگەر لە بینایەکی کۆنترۆڵ بیت!
- هەموو پێوەرەکانت بپشکنە بە 'ژمارەی ڕیفرەنسی پێوەر'یان - پاشان وەسڵی پارەی وزەی خۆت (یان بەیاننامەی ساڵانەی خۆت) بۆ هەمان 'ژمارەی ڕیفرەنسی پێوەر' بپشکنە و دەستبەجێ بە دابینکەری وزەکەت بڵێ ئەگەر ناگونجێن لەگەڵ یەکتری.

دڵنیابە لەوەی کە دابینکردنی وزەت هەڵبوەشێنیتەوە ئەگەر ماڵت گواستەوە

- ئەگەر لە شوێنەکەت گواستوتەوە، دڵنیابە لەوەی کە پەیوەندی بە دابینکەرانی وزەی خۆت بکەیت، یان لەوانەیە هێشتا پارەی ناونیشانی پێشووت نەداوە.

**ئەگەر نیگەرانیت لە پێدانی وەسڵی پارەکەت، پێش ئەوەی پارەدانێکت لە بیر بچێت پەیوەندی بە دابینکەرەکەتەوە بکە.**

زۆرجار، دابینکەران دەتوانن یارمەتیت بدەن لە پارەدانەکە، بۆ نموونە بە دانانی پلانی پارەدان payment plan. ئەگەری ئەوە زۆر زیاترە کە ئەمە ئەگەری ئەوە هەیە کە پێشتر پارەدانێکت لەبیر نەچووبێت.

ئەگەر یارمەتیت دەوێت لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەت واتا بزنسەکەت هەبێت، تیمی پشتگیری بازرگانی دۆستانە و شارەزامان لێرەیە بۆ یارمەتیدان. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە تێچووی ژیان بدۆزیتەوە، لەوانەش سەرچاوەی زیاتر بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکان لەسەر کارەکەت لە www.sheffield.gov.uk/costofliving

# پاشەکەوتکردنی وزە بۆ بزنسی خۆراك

**زۆر ڕێگە هەیە کە دەتوانیت شتەکان لە بزنسی خۆراکەکەت ڕێکبخەیتەوە بۆ ئەوەی وزە پاشەکەوت بکەیت، لە هەمان کاتدا خۆت و کڕیارەکانت بە سەلامەتی بهێڵیتەوە.**

ئەم ڕێنماییە یارمەتیت دەدات بیر لەوە بکەیتەوە کە چی دەتوانێت بۆ کارەکەت سوودی هەبێت، هەر مەترسییەك دەستنیشان بکەیت و دڵنیا بیت لەوەی کە لێیان دوور بکەویتەوە.

لەکاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پاشەکەوتکردنی وزە، زۆر گرنگە دڵنیا بیت لەوەی کە لە هیچ کاتێکدا سازش لەسەر تەندروستی و سەلامەتی یان سەلامەتی خۆراك ناکەیت.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە www.food.gov.uk / www.hse.gov.uk

دڵنیابە لەوەی کە گرێبەستەکانت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکان وەکو مشك و جرج، خزمەتگوزاری چاکسازی ئامێرەکان و فڕێدانی زبڵ و خاشاك بەردەوام دەبێت. ئەو کێشانەی کە بەهۆی کەمکردنەوەی ئەمانە دروست دەبن، دەبێتە هۆی داخستنی ژمارەیەکی زۆر لە بزنسەکان لە ئێستادا.

**ئایا دەتوانیت شتومەکەکان بگوازیتەوە بۆ ناو سەلاجەیەکی کەمتر وەك بەشێك لە ڕێکارەکانی داخستنی خۆت چونکە پێویست ناکات هەموویان بۆ شەوانە بهێڵیتەوە؟**

دڵنیابە لەوەی کە خۆراکی کاڵ و ئامادە بۆ خواردن بە جیا هەڵبگریت.

کاتێك سەلاجەکانت داگیرساندەوە، دڵنیابە لەوەی کە بە ڕادەیەکی پێویست سارد بووبن پێش ئەوەی خواردن بخەیتەوە ناوی.

**ئایا دەتوانیت بەکارهێنانی بەفرگرەکەت freezer کەم بکەیتەوە بە گەیاندنی زیاتر و ڕزگاربوون لە بەفرگر؟**

**مۆرەکانی سەر سەلاجە و بەفرگر و فڕنەکانت بپشکنە.** ئەگەر لەکارکردنیان بەرەو پەککەوتن بن worn، گەرمی گرانبەها لەدەست دەدەیت. ئایا دەتوانیت دەرگا بۆ هەر ساردکەرەوەیەکی پێشەوەی کراوە open-front chillers دابنێیت؟

**دوایین جار کەی ئامێرەکانت خزمەتگوزاری چاکسازی بۆ کراوە؟** ئەگەر شتێك لە دۆخێکی بەرزدا نەبێت لەوانەیە بە شێوەیەکی کارا ئەنجام نەدات. ئەگەر توانای تێچووی خزمەتگوزارییەکی چاکسازیت نیە، پلاکی ئامێرەکە دەربهێنە و گریل و فلتەرەکانی پاك بکەوە.

هەندێك لە ئامێرەکان مەرجێکی یاساییان هەیە کە دوای ماوەیەکی دیاریکراو پێویستە خزمەتگوزاریی چاکسازییان بۆ بکرێت. پاککردنەوەی گریل و فلتەرەکان بەو مانایە نیە کە دەتوانیت ئەم خزمەتگوزارییە نەکەیت.

**ئایا سەلاجەی نمایش کردنەکانت display fridges زۆر گەورەن؟** دڵنیابە لەوەی کە تەنها ئەوەندە گەورەبن کە بە تەواوی ئەوەی پێویستە پیشانی بدەیت. ئەگەر شتەکان لە سەلاجەی نمایش کردن هەڵدەگریت کە دەتوانرێت دابنرێن، بیر لە بچووککردنەوەی قەبارەیان بکەوە.

**کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی خۆراك (وە لەبەر تێچوونەکان)**

- چەند پێکهاتەی خۆراك دەکڕیت کە تەنها لە یەك بابەتی لیستی خواردن menu بەکاردێت؟
- ئەگەر زۆر لەو شتانە نەفرۆشیت، باشترە لە لیستی خواردن واتا مینیو دەریان بهێنیت؟
- ئەو پێکهاتانەی خواردن ingredients کامانەن کە زۆرترین جار فڕێی دەدەیت؟ ئایا دەتوانرێت ئەمە بکرێتە شتێکی تر و بفرۆشرێت بۆ نموونە. شۆربایەك؟

لەکاتی بەکارهێنانی پاشماوەی پێکهاتەکانی خواردن، دڵنیابە لەوەی کە هێشتا ماوەیان بەسەر نەچووە و گونجاون بۆ خواردن.


پشتگیری دەکرێت لەلایەن

Sheffield City Council

Sheffield Chamber of Commerce

SHEFFIELDBID

- ئەگەر بەرهەمی دەرەوەی وەرز out-of-season بەکاردەهێنیت، ئایا دەتوانیت مینیوەکەت بگۆڕیت بۆ ئەوەی بە بەرهەمی زیاتری ناو وەرز جێگەی بگریتەوە کە هەرزانترە؟
- ئایا بزنسی دراوسێتان هەیە کە دەتوانن هاوکاریان بکەن، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ دابینکەرەکانتان بکەن بە یەکخستنی هەوڵەکانتان؟
- **سەیری ئەوە بکە بزانە کە هەر پارچە ئامێرێك چەند وزە بەکاردەهێنێت، و ئایا ئەو شتانەی کە بۆی بەکاری دەهێنیت پارەی پێویست دەهێنن بۆ دابینکردنی تێچوونەکە.**
  - بۆ نموونە ئەگەر دوکانێکی خواردنی سەفەری بەکارهێنانی جیاوازیت کە فڕنی پیتزا لەخۆدەگرێت، ئایا ئەوەندە پیتزا دەفرۆشیت کە تێچووی وزەی بەڕێوەبردنی ئەو فڕنە دابین بکەیت؟




- **ئایا مینیوەکەت هاوڕێتە؟** ئایا تۆ بەستراویتەوە بە چەمکێکەوە کە لە ئێستادا بزنس ناهێنێتە ناوەوە؟ ئایا نرخی پێکهاتە سەرەکییەکانتان هێندە خێرا بەرز دەبنەوە کە ناتوانیت بەو نرخە بفرۆشیت کە کڕیارەکانت دەیدەن؟
- ئەمە پرسێکی سەرەکییە بۆ زۆرێك لە شوێنە بیناوەکان، لە خواردنی ڕووەکی vegan تا مریشکی سورکراو.
- ئایا حەزدەکەیت دەستکاری چەمکەکەت بکەیت بۆ ئەوەی پەراوێزەکانت لە ئاستێکدا بمێننەوە کە بتوانیت مووچە و پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانت بدەیت؟
  - ئایا دەتوانیت پێکهاتەی تری خواردن و هەرزانتر بدۆزیتەوە کە هێشتا لەناو بابەتەکەتدا جێی ببێتەوە؟ ئایا بەکارهێنانی پێکهاتەی وەرزی دەتوانێت کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر تێچوون؟

- لەکاتی وەرگرتنی سەرچاوەی پێکهاتەی خواردنی هەرزانتر، دڵنیابە لەوەی کە هێشتا لە پلەی خۆراکی مرۆڤ و کوالیتی باشدان.
  - ئەگەر پێکهاتەکانی خواردنت گۆڕی، دڵنیابە لەوەی کە مینیو و لیبڵ و زانیارییەکانی مادده هەستیارەکانت نوێ بکەیتەوە.

- **ئامێری کەم وزە.** ئایا دەتوانیت هەریەکێك لە شتەکانت بگۆڕیت بۆ ئەوەی لە ئامێرێکی کەم وزەدا بکوڵێت وەکو مەنجەڵی کوڵانی هێواشslow cooker ، ئامێری کوڵانی بە پەستان pressure cooker یان سوورکەرەوەی هەوایی air fryer؟

ئەگەر یارمەتیت دەوێت لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەت واتا بزنسەکەت هەبێت، تیمی پشتگیری بازرگانی دۆستانە و شارەزامان لێرەیە بۆ یارمەتیدان. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە تێچووی ژیان بدۆزیتەوە، لەوانەش سەرچاوەی زیاتر بۆ یارمەتیدانت لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکان لەسەر کارەکەت لە www.sheffield.gov.uk/costofliving

Business Sheffield

# پاشەکەوت کردنی وزە لە بزنسەکەت

**زۆر ڕێگە هەیە کە دەتوانیت شتەکان لە بزنسی خۆراکەکەت ڕێکبخەیتەوە بۆ ئەوەی وزە پاشەکەوت بکەیت، لە هەمان کاتدا خۆت و کڕیارەکانت بە سەلامەتی بهێڵیتەوە.**

ئەم ڕێنماییە یارمەتیت دەدات بیر لەوە بکەیتەوە کە چی دەتوانێت بۆ کارەکەت سوودی هەبێت، هەر مەترسییەك دەستنیشان بکەیت و دڵنیا بیت لەوەی کە لێیان دوور بکەویتەوە.

لەکاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پاشەکەوتکردنی وزە، زۆر گرنگە دڵنیا بیت لەوەی کە لە هیچ کاتێکدا سازش لەسەر تەندروستی و سەلامەتی یان سەلامەتی خۆراك ناکەیت.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە www.food.gov.uk / www.hse.gov.uk

**خزمەتگوزارییەکی چاکسازی سەرەتایی بە ئامێرەکان بدە.** ئەوە کۆمپیوتەرەکانیش دەگرێتەوە!

- هەندێك لە ئامێرەکان مەرجێکی یاساییان هەیە کە چەند جار پێویستە خزمەتگوزاری چاکسازییان بۆ بکرێت. دڵنیابە لەوەی کە پابەندبیت بەم شتە.

**شەوانە ئامێرەکان بە داگیرساوی بەجێ مەهێڵن مەگەر تەنها ئەگەر بەڕاستی پێویست بێت.**

- بزانە و بیر لەوە بکەرەوە کە ئایا کوژاندنەوەی شتەکان هیچ کاریگەرییەکی نەخوازراوی لەسەر سەلامەتی خەڵك دەبێت یان نا. ئەگەر بیر لە کوژاندنەوەی سەلاجە دەکەیتەوە، تکایە پێشنیارەکانمان ببینە سەبارەت بە پاشەکەوتکردنی وزە بۆ بزنسی خۆراك.

**تا دەتوانیت زۆرترین گڵۆپەکانت بگۆڕە بۆ گڵۆپی LED.**

**سەیری کتێبی ڕێنماییەکانی ئامێرەکانت بکە (یان لە ئینتەرنێتدا بزانە) و هەڵسەنگاندنی وزە بزانە.** پێوەری وزە لە G (ئێستا بیفرۆشە!) بیکە بە A.

- ئەگەر ئامێرێك بەکاردەهێنیت کە وزەیەکی زۆر بەکاردەهێنێت، ئایا دەتوانیت جێگرەوەیەك واتا ئامێرێکی تر بکڕیت کە کەمتر وزە بەکاربهێنێت؟

دڵنیابە لەوەی کە هەر شتێك کە لە دەستی دوو دەکڕیت لە دۆخێکی باشدا بێت و نیشانەی CE ی لەسەر بێت.

- ئامرازەکانی وەك بۆریکۆ Youreko دەتوانن نیشانت بدەن کە ئایا پارە پاشەکەوت دەکەیت بە وەبەرهێنان لە ئامێرێکی وزە بەکارهێنەرتر: https://www.youreko.com/
- ئەگەر ناچار بیت شوێنەکەت گەرم بکەیتەوە، تا چەند باش عەزلی insulated بۆ کراوە؟ ئایا دەتوانیت عەزل insulationی دیوار و سەقفەکەت باشتر بکەیت بۆ ئەوەی تێچوونەکانت کەم بکەیتەوە؟
- دڵنیابە کە عەزل insulationی نوێ هیچ خشتێکی هەوا یان دەرچەیەکی تری هاتنە ژوورەوە ناگرێت کە هەواگۆڕکێی گرنگ دابین دەکات.

**پلەی سیستەمی گەرمی پێو تێرمۆستات thermostat دابەزێنە** کاتێك سەلامەتە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەیت.

- دڵنیابە لەوەی ئاو لە پلەیەکی گەرمی سەلامەتدا هەڵگیرابێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە میکرۆبی لێجیۆنێلا legionella بکەیت، و کەمترین پلەی گەرمی کارکردنی یاسایی پارێزراو بێت.

**شوێنی کۆنترۆڵکراوی پلەی گەرمی بە شێوەیەکی کاراتر بەکاربهێنە بە گۆڕینی خشتەی داواکاری کۆگاکانت.** ئایا دەتوانیت شوێنی بەفرگر freezer کەم بکەیتەوە بە وەرگرتنی گەیاندنی زیاتر بۆ نموونە؟

Sheffield City Council

پشتگیری دەکرێت لەلایەن

Sheffield Chamber of Commerce

SHEFFIELDBID

**ئەگەر گەیاندن واتا دیلیڤەری ئەنجام دەدەیت، پێداچوونەوە بە ڕێگاکانت و خشتەی کارەکەتدا بکە بۆ ئەوەی بزانیت ئایا دەتوانیت سووتەمەنی پاشەکەوت بکەیت بە کارامەتر بوون.** ئایا کڕیارە ئاساییەکان دەتوانن ڕۆژ یان کاتەکانی گەیاندنیان  واتا دیلیڤەری هەموار بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگەت پێبدات لە یەك گەشتدا گەیاندنی زیاتر ئەنجام بدەیت؟ ئایا بە ئۆتۆمبێلەکەت بەسەر کڕیارە ئەگەرییەکاندا تێدەپەڕیت لەسەر ڕێگاکانی ئێستا؟

دڵنیابە لەوەی کە گرێبەستەکانت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکان وەکو مشك و جرج، خزمەتگوزاری چاکسازی ئامێرەکان و فڕێدانی زبڵ و خاشاك بەردەوام دەبیت. ئەو کێشانەی کە بەهۆی کەمکردنەوەی ئەمانە دروست دەبن، دەبێتە هۆی داخستنی ژمارەیەکی زۆر لە بزنسەکان لە ئێستادا.

ئەگەر یارمەتیت دەوێت لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەت واتا بزنسەکەت هەبێت، تیمی پشتگیری بازرگانی دۆستانە و شارەزامان لێرەیە بۆ یارمەتیدان. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە تێچووی ژیان بدۆزیتەوە، لەوانەش سەرچاوەی زیاتر بۆ یارمەتیدانت لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکان لەسەر کارەکەت لە www.sheffield.gov.uk/costofliving

Business Sheffield

# کۆنترۆڵکردنی تێچوون و داهات

**لەم کاتە نائاساییەدا، گەڕانەوە بۆ بنەماکان و پێداچوونەوە بە داهات و دەرچوون و مۆدێلی بازرگانیت دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ تێپەڕاندنی.**

ئەم ڕێنماییە یارمەتیت دەدات کە خۆت لەگەڵ ڕۆیشتنی پارەکەت بزانیت؛ تێبگەیت کە هەر بەرهەمێك تێچووی چەندە و چی دەهێنێتە ناوەوە؛ و بیر لەوە بکەوە کە ئایا چەمکی پشت کارەکەت هێشتا لە کەشوهەوای ئێستادا خزمەتت دەکات.

## بەڕێوەبردنی ڕۆیشتنی پارەی کاش

**پێشبینی خێرای ڕۆیشتنی پارە بکە**

- کار لەسەر ئەوە بکە کە داهاتی هەفتانەت چەندە و لە ماوەی مانگێکدا ببیە بۆ پێشەوە.
- پاشان پلانی خەرجییەکانی هەفتانەی خۆت لە ماوەی مانگێکدا دابنێ، شتەکانی وەك کرێ و پارەی خزمەتگوزارییەکان بگرە.
- ئێستا دەتوانیت دەستبەجێ بزانیت کە ئایا هیچ کەموکورییەکت هەیە و دەتوانیت دەست بکەیت بە گرتنەبەری هەنگاو.

## کەمکردنەوەی تێچووی دابینکردن

- دوایین جار کەی بوو کە بازاڕیت کرد بۆ دابینکەرێکی نوێ؟ لەوانەیە باشترین نرخ لەسەر مادە یان پێکهاتەکانی خواردن ingredients بەدەست نەهێنیت.
- لەگەڵ دابینکەری ئێستات قسە بکە. ئایا هێڵی بەدیلیان هەیە کە بۆ تۆ کاریگەرتر بێت لە ڕووی تێچوونەوە؟

کاتێك کە کاریگەری لەسەر ڕۆیشتنی پارەت کرد، بیر لە مۆدێلی بازرگانی خۆت بکەوە و چۆن دەتوانیت ڕێکی بخەیت بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بهێنیتە ناوەوە کە پێویستتە.

کارمەندانی زانیاری بزنسی ئێمە پشتگیری بزنسی یەك بۆ یەك واتا ڕووبەڕوو پێشکەش دەکەن، لەوانە پێشبینی ڕۆیشتنی پارە، ئامۆژگاری سەبارەت بە گرێبەستی دابینکەر، ئامۆژگاری سەبارەت بە بەکرێگرتن، و ئامۆژگاری سەبارەت بە پرس و گرێبەستەکانی کارمەند. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 01142245000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

Sheffield City Council

پشتگیری دەکرێت لەلایەن

Sheffield Chamber of Commerce

SHEFFIELDBID

## بیرکردنەوە لە شتەکان لەناو بزنسەکەت

**ئایا چەمکەکەت concept هاوریتە؟** ئایا حەزدەکەیت دەستکاری چەمکەکەت بکەیت بۆ ئەوەی پەراویزەکانت لە ئاستێکدا بمێننەوە کە بتوانیت مووچە و پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانت بدەیت؟

- بۆ نموونە ئەگەر بە هۆکاری ئەخلاقی دوکانێکی سفر پاشەڕۆت کردۆتەوە دڵنیایت لەوەی ئەوە هۆکارێکە کە خەڵك لەگەڵت بازاڕی دەکەن؟ لەوانەیە بۆ کەمکردنەوەی پاشماوەی پلاستیك یان خۆراك بێت.
- لە کڕیارەکانت بپرسە بۆچی لەگەڵت بازاڕی دەکەن و لە کوێی تر بازاڕی دەکەن. ئایا دەتوانیت شتێك لە ڕکابەرەکانت فێر بیت؟

**ئایا دڵنیای لەوەی هەر کارێك بکەیت، شوێنەکەت کڕیار دەهێنێتە ناوەوە یان کاتی ئەوە هاتووە بگوازیتەوە؟** یان دەتوانیت بەکرێی بدەیت بە بزنسێکی تر کە کاردەکات کاتێك تۆ کارناکەیت یان کە پشکەکەی تەواوکەری پشکەکانی تۆیە؟

**هەموو پەراویزی گشتی (GM) دووبارە حیساب بکەوە** بۆ هەر بەرهەمێك کە دەیفرۆشیت. GM = پەراویزی گشتی کە بریتییە لە (نرخی فرۆشتنی شتەکە) - (تێچووی دروستکردن/کڕین لە شتەکە)

- ئایا نرخی فرۆشتنی ئێستات دەتوانێت لەگەڵ زیادبوونی تێچوونەکانتدا بمێنێتەوە؟
- ئایا کڕیارەکانت چەند زیاتر دەتوانن پارە بدەن، بۆ ئەوەی ڕێگەت پێبدات پەراویزەکانت margins بهێڵیتەوە؟
- ئەگەر شتێکی ستۆك یان مینیویەکت هەیە کە هیچ بەشدارییەك لە کارەکەتدا ناکات، ئەوا لاییبە.

- ئەگەر سیستەمی دەخیلە till system ت نیە بۆ بەدواداچوونی فرۆشتن بەپێی بەرهەم، ئەوا یاداشتنامەی فرۆشتن دەست پێبکە و لە تەنیشت دەخیلەکەت till بیهێڵەرەوە.
  - سیستەمێکی سادەی ژماردن بەکاربهێنە بۆ پشتراستکردنەوەی ئەوەی کە چەند لە هەر شتێك دەفرۆشیت لە ماوەی هەفتەیەکدا (یان ڕۆژانە ئەگەر زۆر سەرقاڵیت).
  - سەیری پەراویزەکانت بکە سەبارەت بە فرۆشتنەکانت - ئەگەر زۆرێك لە شتە کەم پەراویزەکانت نافرۆشیت، ئەوا لایان ببە بۆ فرۆشتنی ئۆنلاین یان فرۆشگا (ئەگەر وەرزی نەبوون).

## دڵنیابە لەوەی کە کڕیارەکانت بتوانن تۆ بدۆزنەوە

- خەڵك هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ سەردانیکردن ئەگەر تۆ بە بەردەوامی کراوە بیت.
- دڵنیابە لەوەی کە زانیاری نوێکراوە سەبارەت بە کاتەکانی کردنەوەت لە هەموو شوێنێك ڕیکلامیان بۆ بکرێت (گوگڵ بزنسی من Google My Business، سۆشیال میدیا و هتد).
- هەندێك لە بزنسەکان لە کاتە زۆر هێمن و ئارامەکان دادەخرێن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەمە دەتوانێت کڕیارەکان دوابخات. ئایا دەتوانیت لەجیاتی ئەوە بەردەوام بیت لە کارەکانی تر لە شوێنەکە؟
- ئەگەر کاتێکی تایبەتت هەیە کە هەمیشە بێدەنگ و ئارام بێت، دەتوانیت ڕیکلامیان بۆ بکەیت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنگە پێویستیان بە سەردانیکردن بێت یان حەزیان لە سەردانیکردن بێت لە کاتە بێدەنگ و ئارامەکان؟

ئەگەر یارمەتیت دەویت لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەت واتا بزنسەکەت هەبێت، تیمی پشتگیری بزنسی دۆستانە و شارەزامان لێرەیە بۆ یارمەتیدان. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە تێچووی ژیان بدۆزیتەوە، لەوانەش سەرچاوەی زیاتر بۆ یارمەتیدانت لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکان لەسەر بزنسەکەت، لە www.sheffield.gov.uk/costofliving

# پشتگیری سەبارەت بە پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکان

**ئەم لاپەڕەیە هەندێك لە پشتگیرییەکانی بەردەست بۆ پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکان لە بزنسەکەت دەخاتە ڕوو، وە چۆنیەتی کارکردنی.**

## پلانی یارمەتیدانی پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانی وزە

حکومەت پلانێکی نوێی یارمەتیدانی پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانی وزەی دەستپێکردووە بۆ پشتگیریکردنی کڕیارانی وزەی غەیرە ناوخۆیی.

ئەم پلانە لە شێوەی داشکاندنی پارەی غاز و وزەدایە، بۆ ماوەی سەرەتایی شەش مانگ لە ڕێکەوتی 1ی ئۆکتۆبەری 2022ەوە.

داشکاندنەکە بۆ گرێبەستە جێگیرەکان دەگرێتەوە کە لە ڕێکەوتی 1ی ئەپریلی 2022 یان دوای ئەوە ڕێککەوتوون، هەروەها بۆ تەعریف tariff و گرێبەستە هەژمارکراوەکان، گۆڕاو و نەرم و نیانەکان.

**پێویست ناکات هیچ بکەیت**

ئەگەر تۆ شایستەی ئەوە بیت، داشکاندنەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەسەر پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییت جێبەجێ دەکرێت. دەتوانن زانیاری زیاتر لەسەر پلانەکە لەسەر ڕاگەیاندنەکە لە ماڵپەڕی gov.uk بدۆزنەوە: https://www.gov.uk/guidance/energy-bill-relief-scheme-help-for-businesses-and-other-non-domestic-customers

ئەمەش بریتییە لە:

- زانیاری لەسەر شایستەیی؛
- ڕوونکردنەوەیەك لەسەر چۆنیەتی حیسابکردنی داشکاندنەکە؛
- چەند نموونەیەك کە نیشان دەدەن کە چۆن داشکاندنەکە کاردەکات.

**ئاگاداری فێڵەکان بن!** لەبیرت بێت، پێویست ناکات داواکاری پێشکەش بکەیت، ناوت تۆمار بکەیت یان هیچ وردەکارییەك لەگەڵ کەسدا هاوبەش بکەیت بۆ ئەوەی ئەم داشکاندنە بەدەست بهێنیت.

ئەگەر نامەیەکت بۆ هات کە داوای وردەکارییەکانی بانکەکەت دەکات یان کلیك لەسەر لینکێك بکەیت، زۆر گرنگە وەڵام نەدەیتەوە و لەجیاتی ئەوە بەپەلە ڕیپۆرتی بکەیت.

وێنەی شاشەی پەیامەکە بنێرن بۆ report@phishing.gov.uk و بۆ energy.bills.rebate@beis.gov.uk

پشتگیری دەکرێت لەلایەن

Sheffield City Council

Sheffield Chamber of Commerce

SHEFFIELDBID

**هێشتا شایەنی ئەوەیە باشترین نرخ بەدەست بهێنیت و بەکارهێنانی کەم بهێڵیتەوە.**

پلانی یارمەتیدانی پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانی وزە لە ڕێگەی یارمەتییەکی حکومەتەوە کاردەکات لەسەر تێچووی وزە بۆ هەر یەکەیەك. حکومەت ’ڕادەیەك cap‘ێکی داناوە لەسەر ئەوەی کە کرێارە غەیرە ناوخۆییەکان چی دەدەن بۆ وزە بۆ هەر یەکەیەك، و جیاوازییەکەی لەوە زیاتر دەدات بە کۆمپانیاکانی وزە.

ئەمە مانای ئەوەیە:

- هێشتا حاڵەتەکە ئەوەیە کە تا وزە زیاتر بەکاربهێنیت، پارەی زیاتر دەدەیت. هیچ سنوورێك نیە لەسەر ئەوەی کە چەند دەتوانیت پارە بدەیت بۆ بەکارهێنانی گشتی، تەنها لەسەر ئەوەی کە دەتوانیت چی بدەیت بۆ هەر یەکەیەك .unit
- کۆمپانیاکانی وزە هێشتا دەتوانن نرخەکانیان بەرز بکەنەوە، و کاتێك پلانی یارمەتیدانی پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانی وزە کۆتایی هات تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ پێدانی نرخێکی تەواو. ئەمەش واتە هێشتا بیرۆکەیەکی باشە کە دڵنیا بیت لەوەی کە باشترین گرێبەست بەدەست بهێنیت ئەگەر دەرفەتت هەبوو گرێبەستەکانت بگۆڕیت.
- کۆمپانیاکانی وزە هێشتا پێویستە نرخی تەواو لەسەر پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانت پیشان بدەن، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەت پارەی بۆ داوە، بۆ ئەوەی بزانیت وزەت چەند تێچووی دەبوو بەبێ پلانی یارمەتیدانی پارەی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانی وزە. ئەمەش واتە هێشتا دەتوانیت دابینکەران بەراورد بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە باشترین گرێبەست بەدەست دەهێنیت.

## نرخەکانی بزنس Business Rates

**ئەگەر پێت وایە بەزەحمەت دەبیت لە پارەدانی وەسڵی خزمەتگوزارییەکانت**

ئەگەر نیگەرانی پێدانی پارەی نرخەکانی بزنست Business Rates ، زۆر گرنگە پێش ئەوەی پارەیدانێکت لەبیر بکەیت لەگەڵ تیمی نرخەکانی بزنس قسە بکەیت.

لە زۆر حاڵەتدا تیمەکە توانای ئەوەی هەیە لەسەر ڕێکخستنی پارەدانی بەدیل ڕێکبکەوێت و ئەمەش ئەگەری زۆر زیاترە ئەگەر زوو پەیوەندییان پێوە بکەیت. هەروەها پەیوەندیکردن بە تیمەکەوە پێش ئەوەی پارەدانێك لە بیربکەیت مەترسییەکانی تێچووی زیاتری وەرگرتنەوە کەم دەکاتەوە.

پەیوەندی بە تیمەکەوە بکەن لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ Business.rates@sheffield.gov.uk

**یارمەتیدانی نرخەکانی بزنس Business Rates Relief**

جۆرە جیاوازەکانی یارمەتیدانی نرخەکانی بزنس بەردەستە، بەپێی بارودۆخەکەت و جۆری بزنسەکەت کە تۆیت. لەوانە داشکاندنی فرۆشتنی تاکەکەسی Retail فراوانکراو (ڕادە بۆ دانراو (Capped)، میوانداری Hospitality ، شوێنی نیشتەجێبوون و کات بەسەربردن، کە تا ڕێکەوتی 31ی مارچی 2023 بەردەستە.

دەتوانن بزانن کە ئایا هەر جۆرە یارمەتیەکی نرخەکانی بزنس لەبەردەستتدایە لە ماڵپەڕەکەمان: https://www.sheffield.gov.uk/business/business-rate-relief

ئەگەر یارمەتیت دەوێت لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەت واتا بزنسەکەت هەبێت، تیمی پشتگیری بازرگانی دۆستانە و شارەزامان لێرەیە بۆ یارمەتیدان. پەیوەندیمان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 0114 224 5000 یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ BusinessSheffield@sheffield.gov.uk

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە تێچووی ژیان بدۆزیتەوە، لەوانەش سەرچاوەی زیاتر بۆ یارمەتیدانت لە بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکان لەسەر بزنسەکەت، لە www.sheffield.gov.uk/costofliving